## سیستەمی کۆکردنەوەی زبڵ و زاری نێو شارەکان ... ئەندازیار نەریمان مەلا محمد گەلاڵی



پاکوخاوێنی بۆتە بەشێک لە کولتووری میللەتانی پێشکەوتوو هاوشان لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی کە بەدەستیان هێناوە توانیویانە سیستەمێکی گونجاوی وا دابنێن کە تارادەیەکی زۆر ببێتە ستاندارد. هەموو شتێکیش کە بوو بە ستاندارد ئەوا هەموو خەڵک بە ئاسانی پێی ئاشنادەبێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵسوکەوت لەگەڵی ئاسانترو ڕاستترو شارستانی تر دەبێت. واتەئەو سیستەمەی کە دانراوە بۆ کۆکردنەوەو فڕێدانی زبڵ وزار هەر لە گەسکی ڕامالین و ئامێرو کۆگاکانی کۆکردنەوەی زبڵی جۆراوجۆر و کیسەی تایبەتی تیکردنی زبڵ و کۆنتینە هەمەچەشنەکانی زبڵ تادەگاتە کارگەکانی دووبارەکردنەوە هەرهەموو ئەوانە تایبەتمەندیەکی تەوایان بەخۆوە بینیوەو هەموو کەس لە گەورەو بچووک ئاشناو شارەزاییان لەسەریان هەیەو بۆتە باشترین ڕێگای چارەسەرکردنی زبڵ لەو شارانە بە شێوەیەک لەهەر گۆڕەپانێک یان سەرشەقامێک یان هەر شوێنێکی تر بوەستی ئەوا دوورترین سەبەتەی زبڵ و پاشەڕۆ لەوانەیە هەر سی مەترێک لێتەوە دوور بێت! واتە دەتوانین بڵێین پاکو خاوێنی و شێوازی چارەسەری زبڵ و زار لەو وولاتانە پێناسەی بۆ دانراوەو تێکەڵی هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەیان بوە هەم بۆ کارمەندان و هەم بۆ هۆکارە ماددیەکانی ئەو بوارە و منداڵان هەر لە باخچەکانی ساوایانەوە وەکو چۆن فێری زمان و نووسین دەکرێن ئاواش فێر دەکرێن کە چۆن ڕەفتار لەگەڵ زبڵ و زار بکەن لەئەنجامی ئەمەدا ڕۆشنبیریە کی گشتی دروست بوە لە هەست بە لێپرسراوی کردن و مامەڵە کردن لەو بوارە کە هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایانە ی گرتۆتەوەو بۆتە هۆی دروست بوونی کولتوورێکی زۆر نایاب.

لەلای ئێمە تاکوو ئێستا سیستەمێکی تەواوکاریمان نیە لەو ڕووەوە و لەوانەیە تاکو ئێستاش بە تەواوی بیرمان لێنەکردبێتەوە کە فڕێدان و کۆکردنەوەی زبڵ وزار سیستەمێکی تەواوی دەوێت و ئەوەی کە ئێمە پەیڕەوی دەکەین بەشێکی زۆر بچووک و کۆن و سەرەتایی ئەو سیستەمەیە چونکە ئەگەر کەم یان زۆر سەیارەی کۆکردنەوەی زبڵمان هەیە کە بەشاردا دەسووڕێتەوە بەڵام ئەو کۆنتینانەمان نیە کە دەبێت خەڵک زبڵ و پاشماوەکانیان تێدا دابنێن تا کاتی فڕێدان یان بە پێی پێویست ئەو ڕۆشنبیریە نەدراوەتە خەڵک کە چۆن پاشماوەکان کۆبکاتەوە هەروەها تاکو ئێستا کیسەی تایبەی بە زبڵ و پاشەڕۆ لای ئێمە بوونی نیە ئەوە جگە لە دابەشکاری لە پاشماوەکان واتە (تێنیف) ی پاشماوەکان بۆ پلاستیک و شووشەو دارو... هتد ئەوانەی کە ریسایکل دەکرێنەوە. هەروەها لەسەر شەقام و شوێنە گشتیەکان تاکوو ئێستا سەبەتەی فڕیدانی زبڵ و پاشەڕۆ یان نیە یان ئەگەر هەشبێت ئەوا زۆر کەمە و شێوازی دروستکردنیان نارێکە چ لە دیزاین و ڕەنگەوەو چ لە و ماددەیەی کە لێی دروستکراوە بۆ نموونە کاتێک کە هاوڵاتیەک بەشێوەیەکی سەرپێیی ئایسێک یان نەستەلەیەک دەخوات لە ئەنجامی نەبوونی سەبەتەکانی زبڵ ناچار دەبێت کە پاشماوەکەی فڕێ بداتە سەر شەقام! جگە لەمە لەناو بازاڕەکانیش کۆنتینەی تایبەی بە

کۆکردنەوەی زبڵ نیە و هەندێک کەس لە خۆیانەوە بەرمیل یان تەنەکەی رۆن و شتی وایان بۆئەو مەبەستە داناوە کە ئەوانە نە پێوانەیین و نە تێڕای ئەو بازاڕە قەلەباڵغانەی ئێمە ش دەکەن کە جاری وا هەیە بە دەیان تۆن زبڵ لەسەر شەقامەکان کۆدەبێتەوە بە تایبەتی پێش جەژنەکان. مەبەستم لە پێوانەیی ئەوەیە کە لەگەڵ سەیارەی زبڵەوە هاوجۆرنین و کێشەی بەتاڵکردنیان هەیە بە پێچەوانەی کۆنتینەی پێوانەیی کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە هۆی سەیارەکانی زبڵ بەتاڵ دەکرێن. بۆ زێدە زانین هەموو سەبەتەکانی زبڵی سەر شەقامەکان لە وولاتی ئەڵمانیا یەک شێوازی قیاسی واتە ستانداردیان هەیە بەڵام بە باشترین دیزاین و باشترین ماددەی دروستکردن هەربەهەمان شێوە سەندووقەکانی پۆست و لەوحەی ناوی شەقامەکان و... هتد. بۆیە ئەگەر ئێمە وەکو حوکمەت داوا لەخەڵکی بکەین کە خەڵک پاکو خاوێنی بپارێزن بە بێ ئەوەی پێیان بڵێین یان روونی بکەینەوە کە پاکوخاوێنی چی دەگەیەنێت وسیستەمێکی بۆ دانەنێین کە شیانی پەیڕەو کردن و پراکتیزە کردن بێت ئەوا داوایەکی تا ڕاددەیەک سەیرو و شیانی جێبەجێ بوون نابێت چونکە ئەوەی کە شارەوانی یان حوکمەت بە شێوە فراوانەکەی لەسەریەتی جێبەجێی بکات لەو ڕووەوە زۆر زیاترە لە هاوڵاتی پاشان حوکمەت لەسەریەتی کە هۆکارەکان دابین بکات و خەڵک رۆشنبیر بکات و پێناسە بدات بە سیستەمی پاکوخاوێنی ئینجا داوا لە هاولاتی بکات کە پەیڕەوی بنەماکانی بکەن. دروستکردنی کولتوری پاکوخاوێنی وەکوو سیستەمێکی تەواوکاری بەرفراوان پێویستیەکی مێژوویی و زۆر گرنگە بە تایبەتی بۆ ئەمڕۆی کوردستان بەلام بەرنامەو ئەرک و نەخشەیەکی داڕێژراوی گە ورەی دەوێت و بە رێکلامێک یان بانگەوازێکی سەرپێیی لە یەکێک لە کانالەکانی تەلەفزیۆنی نایەتە دروستکردن. بەڵام دەکرێت ئێمە سیستەمی یەکێک لەووڵاتە پێشکەوتوەکان پەیڕەو بکەین و بە هەموو ووردەکاری و هۆکارەکانەوە لەسەری بڕۆین. لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە تەنها بۆ خۆشی لەسەر سەبەتەکانی زبڵی سەر شەقامەکانی ئەڵمانیا نووسراوە ((بیست و چوار دەمژمێر کراوەتەوە!!!) بەڵام ئەگەر ئێمە لەو بیست و چوار دەمژمێرە تەنها چوار دەمژمێر رۆژانە لەسەر بنەمایەکی ڕاست کار بکەین دەتوانین گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لەو بابەتە وەدەست بێنین.